# هەڵبجە. . . . !!!

هێمن کەریم

**بۆ . دایکم، ئەوژنەی قەدەر فێری کرد لەئاست ڕووداوەکاندا بترسێت، نەبائەم ڕووداوانەش (گەلاوێژ) یێکی دیکەی لێبستێنێ و. . ئەوەندەی دیکەوێڵی ڕێگەی گەڕانەوەی بکات. ئەورێگەیەی کەبەهیوایە بەر لەمەرگی و. . بەر لەکزبوونی سۆماکانی هاتنەوەی (گەلاوێژ) ی. . (گەلاویژ) ی خوشکمی. تیابەدیکاو پێ ی ببینێ. بۆهەموو ئەودایك وباوکانەی بەر لەگەڕانەوەی ڕۆڵەبێسەر و شوێنەکانیان سەریان نایەوە. بۆچاوە کزبووەکانی باوکم. بۆ ( عومەری خاوەر) و. کەسە ونبووەکانی هاوڕێکانم**

**من دەزانم سلێمانی دەبێتەهێرۆشیماو**
**هەڵە بجەش بیردەچێتەوە.**
**ئەفسوس:ئەمیش. . .**
**وەك ئەنفال و**
**کۆڕەوەکە. . .**
**دەچێتە نێوبیرەوەری و**
**مێژو وەوە.**
**وەلێ، قەینا. .**
**چونکە فێرین زوو ڕابردوو لەبیردەکەین.**
**ئایندەش ناخوێنینەوە.**
**_٢_**
**وەسیەتێکەو**
**لەدووانامەی بەر لەمەرگما بۆتدەنوسم.**
**نەبائیدی نامەی منت نەگاتەدەست**
**ئەگەرمردم. . بە پێنوسم.**
**لەسەرگۆڕەکەم بنوسە ( عومەری خاوەر)**
**بامەرگی من. . .**
**مەرگی ( عومەری خاوەر) بێ**
**چونکە پاش چەندڕۆژێکی دی**
**سلێمانیش، وەك هەڵە بجە لەیاد دەکرێ.**

**١٩_٣_٢٠٠٣**
**سلێمانی**
hemn_barznji@yahoo.com

www.kurdistannet.org كوردستان نێت